
هەڵبژاردنی بەغدا وەک پایتەختی ڕۆشنبیری لە جیهانی ئیسلامیدا بۆ ساڵی 2026



وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق هەڵبژاردنی بەغدای وەک پایتەختی ڕۆشنبیری لە جیهانی ئیسلامیدا بۆ ساڵی 2026 ڕاگەیاند، ئەوەش لەمیانی کۆبونەوەیەکی کۆنفرانسی وەزیرانی ڕۆشنبیری کە لە سعودیە بەڕێوەچو.

وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق لە ڕاگەیەندراوەکدا باوکردوە، لەمیانی بەڕێوەچونی 13هەمین دانیشتنی کۆنفرانسی وەزیرانی ڕۆشنبیری لە جیهانی ئیسلامیدا، کە لە شاری جەدە لە شانشینی سعودیە بەڕێوەچو، لە ڕۆژانی 13-12ی ئەم مانگەدا، بەغدا وەک پایتەختی ڕۆشنبیری لە جیهانی ئیسلامیدا بۆ ساڵی 2026 هەڵبژێردرا.

نوێنەری وەزیری ڕۆشنبیری لە کۆنفرانسەکەدا ڕایگەیاند، "وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار و ئاسەوارەکان بە هاوکاری ڕێکخراوی پەروەردەیی و زانستی و ڕۆشنبیری جیهانی ئیسلامی (ICESCO)، هەوڵکی زۆری داوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو باوەڕپێکردنە گرنگە، بە ئەوەی بەغدا بەشێک لە باجی کولتوریی خۆی وەربگرێت".

ئەوەشی وت، بەغدا بەشداری لە مێژوی شارستانیەتی ئیسلامیدا کردوە و کاریگەرییەکی بەردەوامی

هەیەک، هەروەک چەن شاری ئاشتی، زانست، فیکر، وەرگێڕان، پەروەردە، قوتابخانە و دروستکاری زانا، بیرمەندان، شاعیر و نوسەران بوە، بە چەندین سەدە و بەردەوامیشی هەیە.